## کۆمیتەی بەرگری لە ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین-هۆڵندا داوای ئازادبوونی دەستبەجێی دکتۆر کمال سەید قادر دەکات

## دەسەڵاتی هێزی داگیرکەری ئەمریکا لە عێراق بەرپرسە لە ئازاد کردنی کەمالی سەید قادر لە زیندانەکەی پارتی دیموکراسی کوردستاندا(پ د ک)

دادگایی کردنی کەمال سەید قادر (هاوڵاتی نەمساییو بە ڕەگەز عێراقی)لە 20\12\2005دا بە سزای 30 ساڵ زیندانی لە پەیوەند بە بڵاو کردنەوەی دوو ووتار لە پەڕەیەکی اینترنێتدا لە دادگایەکی کارتۆنی کە ڕاستەو خۆ لەلایەن دەسەڵاتی پارتی دیمکراتی کوردستان خۆیەوە بەرنامەی بۆ داڕێژرابوو بە دوور لە هەر جۆرە پێوانەیەکی دادگایی و دادپەروەری سەربەخۆ هەمان شێوازی دووبارەبوونەوەی دادگاییەناڕەواکانی سەردەمی دەسەڵاتی حزبی بەعسە لە کوردستاندا وەلەلایەکی دیکە هەڕەشەیەکی ڕاستەو خۆیە بۆ سەر هەر جۆرە ئازادییەکی سیاسی و قەڵەم و ڕادەربڕین لە کوردستاندا .ئەم شێوازە پووچە لە دادگایکردن لە کاتێکدا بەڕێوە دەچێت کە ئیدارەی ئەمریکی باس لە دیموکراسیو ڕێزگرتن لە مافی مرۆف دەکات لە کوردستان وەکو نموونەی دیموکراسی لە ناو چەکەدا. لە کاتێکدا زۆرێک لە تاوانبارانی ئەنفال و کیمیا باران لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی ئەم جەنابانەدا ئازادنو یا ڕێگایان بۆ کراوەتەوە کە بەرەو هەندەران هەڵدێن و خۆیان لە ڕقو کینەی ڕەوای جەماوەری کوردستان و عێراق دەرباز بکەن .30 ساڵ زیندانی لەسەر دوو ووتاری انترنێت بێ وێنەیەو بە هیچ جۆریک پاساو بۆ ئەم ناعەدالەتیە قەبوڵناکرێت. ئێمە وەکو کۆمیتەی بەرگری لە ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین دەنگمان دەخەینە پاڵدەنگی هەموو ئەو کەس و دەستەو تاقمانەی کە لە پێناوی ئازادی و بەتایبەت ئازادی دکتۆر کەمال دا هاتوونە مەیدان وە دەخوازین:

1- ئەم سزاو یاساو شێوازە لە دادگایی کردنە پووچەو گاڵتە جاڕی یە دەبێت هەڵوەشێنرێتەوە وە هێزەکانی هاوپەیمان وە بەتایبەتی ئەمریکا بەر پرسن لەم دادگاییە پووچەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەوپێیەی کەلە یاسا نێودەوڵەتیەکان هاتووە سەبارەت بە بەر پرسی هێزی داگیرکەر لە وڵاتێکی داگیرکراودا .

2- دکێۆر کەمال دەستبەجێ ئەبێت ئازاد بکرێت

3-دەبێت سەرانی پارتی دیمکراتی کوردستان قەرەبووی ئەو زیانە دەروونی و بەدەنیانە بکەنەوە کە دکتۆر کەمال بەهۆی بێسەروشوێنکردن و دادگایکردنێکی ناڕەواوە دووچاری بۆتەوە وە دەست لە سەرکوتو ئیستبداد لە کوردستاندا هەڵگرن.

4-ئەم دادگایکردنە ڕەتدەکەینەوە نەک تەنها لەبەرئەوەی پابەندی یاساکانی بەعسە ،بەڵکو بۆ خۆی نامەیەکی دڕندانەیە بۆ چاوشکاندنی ڕۆشنبیران و نووسەران و هەر دەنگێک و قەڵەمێکی ئازاد

5-داوا لە هەموو ڕێکخراوە پیشەییەکان و ڕێکخراوە ئینسان دۆستەکان و ڕێکخراوی مافی مرۆڤ دەکەین کە بێنە مەیدان بۆ پشتگیری لەم کەمپینە بۆ ئازاد کردنی دکتۆر کەمال سەید قادر.

**بژی ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین**

**سەرکەوتو بێت کەمپینی ئازاد کردنی دکتۆر کەمال سەیدقادر**

4/1/2006 **کۆمیتەی بەرگری لە ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین-هۆڵەندا**